ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی ئەمڕۆی هەڵگرت

ئەمە پێنجشەممە ئەنجووومەنی نوێنەران خوێندنەوە و گفتوگۆی لەسەر چەندین پێشنیار و ڕاپۆرت و 4 پێشنووسی یاسا کرد و هاوکات دانیشتنەکەی دواخست.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجووومەنی نوێنەرانەلە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-ئەنجووومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بە پێشنووسی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەسەڵاتی داواکاریی موک و ماڵی ژمارە (13)ی ساڵی 2010 تەواو کرد .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بە یاسای پێشنیارکراوی هەمواری یەکەمی یاسای دەسەڵاتی باوەڕپێکردنی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2017 تەواوکرد،هەروەک خوێندنەوەی یەکەمی بە پێشنووسی یاسای هەوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شەش حزبی بەعسی هەوەشاو تەواوکرد.

بەیاننامەکە ئەوەشی خستەڕوو :-کە ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆی لەسەر ڕاپۆرت و یاسای پێشنیارکراوی تایبەت بە هەموارکردنی یەکەمی یاسای ڕووبەڕووبونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی 1988 تەواو کرد، پاشان ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی هەڵگرت بە کاتێکی تر .